بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴿1﴾

ئێمە قورئانمان دابەزاندۆتە خوارەوە لە شەوێکی بە فەڕو ڕێزداردا.

وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ ﴿2﴾

جا تۆ چوزانی شەوی بە فەڕو (قدر) کامەیەو چ خێرو بەرەکەتێکە.

لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴿3﴾

شەوی قەدری بەڕێز لە هەزار مانگ ڕێزدارو خێردارترە (واتە پاداشتی عیبادەت و خواپەرستی ئەو شەوە بێسنورە).

تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿4﴾

لەو شەوەدا فریشتەکان کە جوبرەئیلیشیان لەگەڵدایە، دادەبەزن لەسەر ڕوخسەت و مۆڵەتی پەروەردگاریان، بە جۆرەها فرمان و کار (بە تایبەت بۆ سەردانی خوا پەرستان، بۆ سەردانی مزگەوتەکان، بۆ گوێگرتن لەقورئان و ...هتد).

سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ ﴿5﴾

ئەو شەوە سەلام و ئاسودەیی و ئاشتی و ئاسایش و ڕەحمەت و میهرەبانە، هەتا کاتی بەرەبەیان، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (من قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا باغفر لە ما تقدم من ذنبه)، واتە: ئەوەی (ليلة القدر) بە خواپەرستی و یادی خوا بباتە سەر بە ئیمان و باوەڕی دامەزراوو بە تەمابوونی پاداشت و ڕەحمەت، خوای

گەورە لە هەموو گوناهانی ڕابردووی خۆش دە بێت، (بوخاری و موسلیم) ڕیوایەتیان کردووە.